# کەری خۆت لەگەڵ هێستری خەڵکدا حساب مەکە

**باوکی هێژا**

**پەندێکی ئیتاڵی هەیە ئەڵێ کەسێك بەخراپە باسی کەسێکی کرد ، ئەوە بۆ خۆ خۆشەویست کردنە لای یەکێکی تر ، منیش کاتێك لە نوسینەکانی مەریوان نەقشبەندی ڕا ئەمێنم کە لەم سایتانەدا ئەینوسێت ، ئەم پەندەم دێتەوە یاد ، کاك مەریوانی بەرێز گرتویەتی بە باسی ئیسلامی سیاسی و ئەو بابەتانەوە ، من ئەزانم ئەو بەرێزە کوێی ئێشێت ؟! کەسانێکی تر هەن لەسەر سفرەی ئەو بابەتانەی کە ئەم ئێستە ئەینوسێت نانی چەوریان خواردووە لەلای دەسەلات ، ئەگەر ئەم بیەوێت کەری خۆی لەگەڵ هێسری ئەواندا حساب بکات ئەوە خۆیشی عەیبدار ئەبێت و کەرەکەیش مردار ئەبێت ، منیش پێی ئەڵێم براله پیاوی حەق وێژ ئەو کەسەیە کە بە راست ئەڵێ راست و بە هەڵە ئەڵێ هەڵە ، بەرێزتان ئاماژە بەوە دەکەن کە** ( لە هەرجێگایەك لەجیهاندا بزوتنەوەیەکی سیاسی لەژێر ناوی بزوتنەوە یان حزبی ئیسلامی دا هەبێت ئەو ناوچەیە کێشەو گرفتی هەمەلایەنەی هەیە؟! ) **من نایەم دیفاع لە هیچ لایەن و کەسێك بکەم ، وە کەسیش بەراستی ( مطلق ) و تەواو نازانم ، بەلاّم ئەم تەعبیرەی بەرێزتان بەو شێوەیە ، جۆرێکە لە تاك ڕەوی و دیارە بەرێزیشت هەڵگری ڤایرۆسی حزب الواحد و حزب القائدیت ئەگەر ئەوە بیرو بۆچونت بێت ، من ئەڵێم با زۆر دور نەرۆین بۆ ولاّتانی تر ، چونکە پێم وا بێت نەمن و نە تۆیش ئەوەندە شارەزای حاڵ و وەزعی ئەو ولاّتانە نین تا بیانخەینە ژێر شیکردنەوەوە ، با لە کوردستانی خۆمانەوە دەست پێبکەین ، ئایا چەند کورد بە دەستی کورد کوژراوە و ئێستەیش پێی ئەوترێت شەهید ؟! هەموو کەس ئەزانێت ١٤ ساڵە کوردستانی ئازاد بۆ حالّی بەم شێوەیەیە کە ئێستە تیایداین ، شەڕی برا کوژی لەبەینی کێ و کێ دا بوو ؟! کێ تورکی هێنایە سەر کوردستان و لە دژی کێ ، ئەی دەبابەی ئێران لە ڕێی کوێوە هاتە کوێیە و بۆ کێ ؟! خۆ هەموومان ٣١ ی ئابیشمان لە بیرە و ، وا نازانم جێی شانازی هیچ کوردێك بێت ؟! وە بەرێزیشت لەمن باشتر ئەزانیت کە حزبی ئیسلامی ئەمانەی نەکردووە ؟ ئەگەر ئەمانە ناو بنێیت نەتەوایەتی و خزمەت کردن بە گەل کە حزبە بەناو نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراتیەکان ئەنجامیان داوە ، وا بزانم هیچ کوردێکی بەشەرەفی ئەم کوردستانە نایەت شانازی بەو رابردووەوە بکات ؟! بەلاّم لەگەڵ ئەوانە و زۆر شتی تریش کە هەموو لایەك ئەیزانین ، ستەمێکی گەورەیە گەر بڵێی علمانیەکانی کوردستان هیچیان نەکردووە بۆ کورد و کوردستان ، پیاوی حەق وێژ ئەبێ بە هەق بڵێ هەق و بە ناهەق بڵێ ناهەق ..**